## وەزیری دەرەوەی سوێد بۆ (هەرێمی کوردستان):

# دەمانەوێت سویدێکی بچوک لە کوردستان دروست بکەین



کارل بێلدت وەزیری دەرەوەی سوید (فۆتۆ: سەفین حەمید)

**عەبدولحەمید محەمەد**

**(تایبەت بە گۆڤاری هەرێمی کوردستان):**

وەزیری دەرەوەی سوید کارل بێلدت کە بەسەردانێکی فەرمی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ کردنەوەی کونسولخانەی فەخری وڵاتەکەی لە هەولێر، بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دا کە کاربکەن بۆ دامەزراندنی سویدێکی بچووک لە کوردستان، لە رێگای پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە بووە جێگای خوشحاڵی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم.

**وەزیری دەرەوەی سوید لەلێدوانێک بۆ گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) بەبۆنەی کردنەوەی کونسولخانەی وڵاتەکەی لە هەولێر گووتی:** لەوانەیە ئێمە ئاگادار بین کە چی بە سەر میللەتی کورد هاتووە لە رێگای ئەو کوردانەی کە لە سوید دەژین، ئێستاش دەمانەوێت سویدێکی بچووک لە کوردستان دروستبکەین، هەروەها چەند پەیوەندییەکی مرۆڤ دۆستانەش لە نێوان هەردوو وڵات هەیەو دەتوانین ئەم پەیوەندییانە بەکاربێنین لە بواری پەرەپێدان و دیموکراسی و کەلتوورو فەرهەنگ و زۆر شتی دیکە.

لەلای خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڤارەکەمان ئاماژەی بەوەدا کە ژمارەی کونسولخانەو نووسینگەی نوێنەرایەتی دبلۆماسی و ئابووری وڵاتانی دەرەوە لە کوردستان گەیشتووتە ١٧ کونسولخانەو نووسینگە، ئەوەشی ئاشکراکرد کە کونسولی گشتی وڵاتی تورکیا لە ناوەراستی مانگی ئادار لە هەولێر بە شێوەکی رەسمی دەست بەکار دەبێت.


هەرێمی کوردستان

**هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە**
**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەری دەکات**
**ژمارە (546) 2ی ئاداری 2010**

**خاوەن ئیمتیاز**
**وەزیری رۆشنبیری و لاوان**

**سەرنووسەر**
**شێرزاد عەبدولڕەحمان**





www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com